## بانگەوازێکی خێرا لە ناوەندی ڕاگەیاندنی کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر
## ژیانی دکتۆر کەمالی سەید قادر لەوپەڕی مەترسیدایە

ئەوە زیاتر لە چوار مانگی رەبەقە، دکتۆر کەمالی سەید قادر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە رفێندراوە، لە پاش ئاشکرابوونی ئەو تاوانەش، لە دادگاییکردنێکی سەرپێیی قەرەقووشیانەدا ( 30 ) ساڵ زیندانی بە سەریدا دابڕا. دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناچاری و لەژێر فشاری جەماوەری شەرافەتمەندی کورددا بە گشتی و کاریگەریی کەسایەتییە جیهانییەکان و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بە تایبەتی، لە ڕێگای کەنالی جۆربەجۆری راگەیاندنەکانیانەوە وەک پەرلەمانتەر، قایمەقام، بەرپرسی ئاساییش، تەنانەت بەڵێنی خودی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لە سەر زاری ئەو کارمەندانەوە، گوزارشیان لە ئازادکردنی دکتۆر کەمالی سەید قادرەوە کرد. بەڵام مخابن هیچی راست دەرنەچوو و تاوەکو ئێستاش هەر لە زینداندایە و ئازاد نەکراوە. نەک هەر تەنها ئازاد نەکراوە تەنانەت بە شێوازی جۆراوجۆر حکومەت و داروەدەستەکانی پارتی، سوکایەتی بەخودی دکتۆر کەمال و باوکی شەهید و خانەوادەی ئەو بنەماڵە شەهیدپەروەرەوە دەکەن.
بۆیە دکتۆر کەمالی سەید قادر وەک بڕیارێکی یەکجارەکی ناچار بوو کە چیتر ئەو هەموو سووکایەتییەی پێ قەبووڵ نەکرێت و راشکاوانە کۆتایی بەو زوڵموزۆر و تراجیدیا نایاساییەوە بهێنێ، بۆیە ئەم پەیامەی بە هەموو جەماوەری کورد و بیروڕای گشتیی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان ناردووە و رادەگەیەنێ. ئێمەش وەکو کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر، ئەو بەڵاڤۆک و پەیامەی بە ئەمانەتەوە وەکو خۆی بڵاو دەکەینەوە. ئەمەش دەقی ئەو پەیامەیە :

**))بۆ بیروڕای گشتی و هەموو ئازادیخوازانی جیهان.**
**بۆ ڕێکخراوە و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێو دەوڵەتییەکانی هەموو دونیا.**
**جەماوەری خەڵکانی بە شەرەفی دەرەوە و ناوەوەی وڵات.**

من دکتۆر کەمالی سەید قادر، ئەگەر تا سێ ڕۆژی دیکە ئازاد نەکرێم، داوا دەکەم لە هەمو: رۆژنامەنووسان، ئازادیخوازان، ڕۆشنبیران، کەسایەتییە ئەکادیمییەکان، قوتابییە خاوەن هەڵوێستەکانی زانکۆ، میدیاکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، کە لە پاش سێ ڕۆژی دی تێکرا وەرنە بەر دەرگای ئاساییشی گشتی هەولێر. من چیتر ئەو هەمو زوڵم و بێدادی و ناهەقیە قەبوڵ ناکەم، لە بەر ئەوەی من بە شێوەیەکی نایاسایی لەلایەن ئاساییشەوە رفێندراوم و ئێستاش هەر بە نایاسایی گیراوم.
ئەوە زیاتر لە چوار مانگە دەستی دەستیم پێ دەکەن، جۆرەها موحارەبەی نەفسی کراوم، ئەوە زیاتر لە چوار مانگە نایاسایانە لە زیندان راگیراوم و هێشتا چارەنووسم یەکالا نەبووەتەوە.
بۆیە گەیشتوومەتە ئەو بڕیارەی کە لە پاش سێ رۆژی دی خۆم دەرگای ئاسایش بکەمەوە و بێمە دەرەوە، ئەوانیش یا ئازاد بن لەوەی من دەدەنە بەر دەستڕێژ، دەمکوژن، لە ناوم دەبەن، یان خۆیان بە هەر شێوەیەک دەیانەوێ کۆتایی بە ژیانم بهێنن، ئیتر با خۆیان لەو بڕیارەدا سەرپشک بن، چونکو لەوە زیاتر سەبر و

تەحەمولم نەماوە، چیتر لەمە زیاتر ئەم سووکایەتی پێ کردن و بێ دادییە قەبووڵ ناکەم. مادام ئەوان هەر دەیانەوێ زوڵمم لێ بکەن، دەبا زوڵمەکەیان هەتا سەر ئێسقان و یەکجارەکی و بە کۆتایی هێنان بە ژیانم بێت.((

ئەوەی سەرەوە دەقی پەیامەکەی دکتۆر کەمالی سەید قادر بوو .
تێ بینی : ئێمەش لەلای خۆمانەوە وەک کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر، ئەوە رادەگەیەنین و دوبارەی دەکەینەوە، کە ژیانی ئەو دکتۆر و کەسایەتییە کوردەمان بە ئاستێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێت و کەوتووەتە قۆناغێکی پڕ مەترسییەوە و روبەروی چارەنوسێکی نادیار کراوەتەوە و بە ئان و سەعات لە مەترسییەکی جدیدایە .
ئێمە لەم کەمپینەوە ( کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر ) لە کاتێکدا کە ئەم پەیامە رادەگەیەنین، راشکاوانە داوا لە بیر و رای گشتی دەکەین کە فشارێکی راستەوخۆ بخرێتە سەر پارتی، بۆ ئەوەی ژیانی ئەو مرۆڤە ئەکادیمییەمان لە مەرگێکی چاوەڕوان نەکراو قورتار بکەین، ئەگەریش بە زووترین کات ئەو کێشەیە نەیەتە چارەسەرکردن و لەو دەستی دەستییە قورتار نەکرێت و ئەگەر ژیانی لە دەست دا ، لەم کەمپینەوە بە رای گشتی رادەگەیەنین کە خودی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لێپرسراوی راستەوخۆ و سەرەکی دەبن لەو کارەساتە .

ناوەندی راگەیاندنی کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر
کوردستان یونایتد _ پاڵتاک
2006 – 02 – 23